# له پەراوێزی بیستەمینساڵی مەرگی (هێمن)ی شاعیردا

ڕۆژی 23- 4 – 2006 له شاری ستۆکهۆڵم له لایەن رادیۆی کوردی (زرێبار) کۆڕێک سەبارەت به بیستەمین ساڵڕۆژی مەرگی هێمنی شاعیر بۆ بەڕێزان{(پەرویز جهانی)- (ناسر حیسامی)- (مەرزه جەوانمەرد)- (پشکۆ نەجمەدین)- ( کوردۆ باسکی)- (مامۆستا عاشق) - (سلێمان چیڕە - هێرش) - (محەمەد ئەمین یەزدانفەر) - (شەهلا دەباغی) پێکهات.

جێگەی داخه کۆڕەکه زیاتر بۆنی ناکۆکی سیاسی نێوان هەندێک کەسی دەدا بەدەسته تا ئەوەی که کۆڕێکی یادکردن و هەڵسەنگاندن و لێکۆڵینەوەیی بێت. ماویەک پێش بەڕێوەبردنی کۆڕەکه پێوەندیم به بەرپرسی کۆڕەکەوە کرد بۆ خوێندنەوەی نووسراوەیەک و ئەوانیش بەڵێنیان پێدام، بەداخەوە لەو روژەدا بەڵێنەکەی خۆیان لەبیر بردەوە! به باشم زانی چەند دێڕێک بەنووسراوەکه زیاد بکەم و له ڕێگای ئەنترنێتەوە بڵاو بکرێتەوە. ئەو نووسراوە له دوو بەش پێکهاتووە.

1 - هێمن ناسی 2 – هێمن موکریانی، یا هێمن?

## هێمن ناسی

ناوی هێمن وەک ناو، ناوێکی جوانی کوردییه، وەک ناوی تایبەتیش نازناوی شاعیرێکی بەتوانای کوردە! وەک نووسەری ئەم چەند لاپەڕە خودی شاعیرم له نزیکەوە نەبینووە، بەڵام بەرهەمەکانیانم خوێندوەتەوە. له ڕێگای چاپەمەنی کوردییەوە بەوەم زانیوه که هێمن یەکێک له ئەندامانی رابەرایەتی پێشووی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران بووە. پاشان له گەڵ چەند کەسێک له حیزب جیا دەبنەوە، پاش ئەو جیابوونەوە له ئیدارەی ئینتشاراتی سەلاحەدین ئەیوبی له شاری ورمێ که گۆڤارێکی کوردی بەناوی (**سروە**) بڵاو دەکاتەوە، دەسکەن بەکار کردن.

وەک ئەزانین ژیان بۆ کەس تا سەر نییه، چەند ساڵ پاش کۆچی هێمنی شاعیر، کتێبێک بەناوی (**هێمن و من – نووسینی**: **هێرش** ) دەکەوێته بەردەستی خوێنەران. نووسەر له کتێبەکەیدا چەند باسێکی له

شاعیر دەسنیشان کردووە، ئەو باسانە بۆ من وەک خوێنەرێک جێگەی سەرنجە، بەبێ دەستکاریکردن و ... دەیخەمە بەردەستی ئێوەی بەڕێز:

1- {(مامۆستا هێمن - یش لەوێ بوو. بەدابی دێبوکرییان سفرەی نیوەڕۆژ (نەهار) ڕاخرا، دبوایە دوای نان و چا خواردن وەڕێ کەوین. کە دەنگی فەرموونی خانە خوێ (خانەخێو) هات بە ئەسپایی چووم لە تەنیشت مامۆستا هێمن دانیشتم. پیاو نەیشارێتەوە باشە، ویسکیشیان دانا بوو. میوانەکان وردە وردە دەستیان بە نان خواردن کرد. لەو پرسیارەی دەبوو بیکەم ئەخت و چارم کرد خۆم پێ ڕانەگیرا، بە هێواشی سەرم بردە بن گوێی مامۆستا و پرسیم ،،ئەرێ مامۆستا گیان ئەو ئاغایە چ کارەیە؟ ،، کوتی ،، ئەتۆ کاڵەک خۆری یا بێستان ڕن،، کە یەک دوو ئیستیکانی خواردەوە دیسان لێم دووپات کردەوە: ئەو جار لەسەرەخۆ وەڵامی دایەوە: ،، کاکی خۆم، ئەوە مەسئولی ویسکی و تەدارکاتی حیزبی دیمۆکراتە... حاڵی بووی؟،، ). لاپەڕە 34 و35 کتێبی هێمن و من ، نووسەر هێرش}.

2- {( لەو دەمەدا، پور ئامان ناوێک، دەم بە پێکەنین و سەرو روو خۆش لەلای ئاور و قابلەمەی مەلا جەلال قوت دەبێتەوە دیار بوو ناسیاوە. دوای چاک و چۆنی و ئەحواڵپرسی دەگوت بەدانستە ناردوویانە و بەلاتاو دەگڕ مام حەسەنەوە بچێ:

- ئەیەڕۆ ئەوە بۆ خۆت دەوکونە رێوییەی خزاندووە؟

مام حەسەنیش کەسێک نەبوو وەختی وا دامێنێ دەستاو لەجێ پێی دەڵێتەوە

- چیبکەم لە ناچارییە... تۆ گەر کونێکی خۆشترت پێ شک دێ خێریشت دەگاتێ.

پور ئامان کە زانی گەیشتۆتە پیاوی خۆی زۆری قەراخ لێ نەکێشاو بە قسە کردن لە گەڵ مەلا جەلال خۆی دەخافڵێنێ.). لاپەڕە- 87 هەمان سەرچاوە.}

3 - {( نانی نیوەڕۆیە خورا بوو، دۆڵ کپ بوو. هەرکەسە لە شوێنی خۆ درێژ بوو بوو. تەقەی یەکەم... دووهەم ..... دۆڵ دەنگیدایەوە، مەل و باڵداری دارستان وەپەل و پۆ کەوتن، تەقە زۆرترو زیاتر دەبوو. دەتگووت ویزەی گوللەکان بەبن گوێماندا فینگەیان دێ. تفەنگ لەشان بلاو بووینەوە. رەنگ و روومان

بزرکا بوو. بەهارەی هێلیکۆپتەران پتر تێکچووین، پێمان وابوو گەمارۆ دارووین. بەهاتنی مەلا مەحمود ئاهێکمان هاتەوە بەرخۆ. بەلام زور زوو لە بەرچاو غەیب بوو... لەویمان بیست کە لە (واوان شەڕە، پێشمەرگە پێشی بە ستونی ئەرتەش گرتوو، شەڕ بەردەوامە). هیچمان شارەزای ئەو دۆڵ و دەراوە نەبووین، دەبوایە خۆمان بە چارەنووس بسپێرین، پاش هەندێک راو تەکبیر، یەک یەک و دوو لە شوێنی دیاریکراو سەنگەرمان گرت. کاک عەلی لە هەمووان زیاتر پەشۆکا بوو، لە جێی خۆی حەجمینی نەبوو، هەردەهات و دەچوو. زوو زوو بەربینگی بە مام حەسەن دەگرت و دیگووت:

- چۆن لێرە حاسێ بووین؟ دەلێی چی ...چ بکەین. شوێنەکەمان زۆر خراپە لەوانەیە بێن هەموومان بگرن.

- چ نییە نا مەترسێ لە خوارێ شەڕە، خۆ ئیشاللا نایەنە ئێرە .... ئەتۆ بۆ داناسەکنێی؟

- ئاخر شوێنێکی وای لێ نییە پیاو خۆی تێدا حەشاردا! بریا شوێنێکی وەک تۆم هەبا! لە دوورەوە ئاگام لێ بوو کە مام حەسەن بەسەریدا دیگوڕاند و دەیگووت: ،، بابا ئەگەر هێندە دەترسی وەرە سەر کۆشی مامی خۆت،،.) لاپەڕە 91 هەمان سەرچاوە.}.

4 – {( لێرەدا بەیادی ئەو شاعیرە خۆش زەوقە هەندێ نەقڵ و نەزیلە دەگێڕمەوە کە یا راستەوخۆ لە خۆییم بیستووە و یا خۆم لە خزمەتیاندا بووم.

سالێکی ئەمنیە و ژاندارم بۆ گرتنی هێمن بە شیلاناوێ وەردەێن، مامۆستا هێمن بەناچار پەنا دەباتە مالێکی تا خۆی بشارێتەوە. جگە لە ژنی مالەکە، کەس لە مالەوە نابێ، ژنە، کە وادەزانێ دەستاو لەجێ مامۆستا هێمنی لە دەدەستە نوێنێ وە دەپێچێ و لەگەل هاتنی ژاندارمەکان سمتی وەسەری ئەو دەکاو دەست دەکا بە تەشی رستن. ژاندارمەکان دەرۆن و چ نادۆزنەوە مامۆستا هێمن دێتە دەرێ و بە ژنەی دەلێ: (کچێ خودام بەگژدا کردی خۆ ئەگەر ئەوانیش گرتبایانم هەر ئەوەندەیان جەزرەبە دەدام. ئەتۆ نەدەکرا قونت وەلای خوارەوەم بدەی؟). لاپەڕە – 109 هەمان سەرچاوە}.

5 - { ( **وەر ماچم دەیە ماچی خودایی** **کە بێزارم لە ماچی سینمایی** )

جارێکی کابرایێک فەرقی ئەو دوو ماچانەی شێعری سەرەوە لە مامۆستا هێمن دەپرسێ ئەویش جوابی دەداتەوە و دەڵێ:(جا بۆ کەرێکی وەک تۆ چ فەرق دەکا. لاپەرە- 119}.

روونکردنەوە : مام حەسەن - ناوی نهێنی (هێمن) بووە.

بەرێز (سلێمان چیرە- هێرش) لە هەمان کۆری بیستەمین سالرۆژی شاعیردا چەند دانە لە کتێبی (هێمن و من)ی پێشکەش بە بەشدارانی کۆرەکە کرد .

## هێمن موکریانی، یا هێمن؟

شاعیر لە کتێبی(تاریک و روون)دا سەبارەت بەخۆی بەو جۆرە ئەڵێت:{(شاعیری هیچ قازانجی بۆ من نەبووبێ ئەو قازانجەی هەبووە کە ئەو ناوە دوور و درێژەی **(سەید موحەمەد ئەمینی شێخە لیسلامی موکری** لە کۆڵ کردوومەتەوە. لە گوندی لاچین لە دایک بووم. دایکم کچی شێخی بورهانە. باوکیشم لە تۆرەی مەلا جامی چۆرە.).

**بەرهەمە** چاپ کراوەکانی بریتییە لە: نالەی جودایی . تاریک و روون . پاشەرۆک. ئەو کتێبانە بەناوی (هێمن)ەوە چاپ کراون.

**ساڵی** 2003 لە لایەن«کتێبفرۆشی **هەرزان**» لە ستۆکۆلم کتێبک چاپکرا بە ناوی: «**دیوانی هێمن موکریانی**» - ئەم کتێبە بریتییە لە (تاریک و روون)- (نالەی جودایی)- (پاشەرۆک) و (لێرەولەوێ) کە کاک سلێمان چیرە - (هێرش) پێشەکی بۆ نووسیوە.

**لەکاری** وەرگێران، هەروەها چاپکردنەوەی بەرهەمی کەسێکدا دەسپاکی و ئەمانداری گرنگترین مەرجە! ئەگەر لە چاپی پێشووی کتێبکدا هەڵەیەک بەرچاو کەوتبێت، لە چاپی تازەدا بە دەسنیشان کردن و نووسینەوەی هەڵەکە، ئینجا دورستەکە دەنووسرێت.

**گۆڕینی** ناوی (هێمن) بۆ (هێمن موکریانی ) جێگەی لێکۆڵنەوەیە! **جێگەی داخە** لە ناو ئێمەی کورددا دەسەلاتێک، سیستمێک لە ئارادا نییە کە لەو جۆرە تاوانانە بکۆڵێتەوە و سزای بۆ دیاری بکات.

**شاعیر** بەزاری خۆی هاوار دەکات و دەڵێت: (شاعیری هیچ قازانجی بۆ من نەبووبێ ئەو قازانجەی هەبووە کە ئەو ناوە دوور و درێژەی (**سەید موحەمەد ئەمینی شێخە لیسلامی موکری**) لە کۆڵ کردوومەتەوە}. ئەگەر شاعیر بەباشی بزانیایەت نازناوی **هێمن موکریانی** بۆ خۆی دادەنا. دەسکاری کردنی نازناوی شاعیر 2 زیانی لە خۆگرتووە.

1 ـ **دەسدرێژی** کردن بۆ سەر مافی شاعیر، و مافی چاپەمەنی! لە کاری سانسۆردا بەشێک لە نووسراوە، یا وتووێژی کەسێک دەقرتێنن، ئەو کارە زیان بە خاوەنەکەی دەگەیەنێ. زیاد کردن و پێوەلکاندنیش هەر هەمان کاردانەوەی دەبێت.

2 ـ **زیانبەخشترین** زیانی ئەو کارە بۆ ئێمەی کورد،

وەک دەزانین ئێمەی کورد بە هۆی نا هوشیاری خۆمانەوە لە سیمایەکی سیاسی کوردی واتە دەوڵەتی کوردستان. بێبەشێن. لە جهانی ئاوارەییەدا ئەڵێین:

| | |
|---|---|
| من کوردێکی ئێرانیم | Jag är kurd från Iran |
| من کوردێکی ئێراقیم | Jag är kurd från Irak |
| من کوردێکی تورکییەیم | Jag är kurd från Turkiet |
| من کوردێکی سورییەیم | Jag är kurd från Syrien |

ئێستا دەبێ ئەوەیشی پێ زیاد کەین و بفەرموین:

من کوردێکی موکوریانیم Jag är kurd från Mokoryan

گۆڕینی ناوێ (هێمن)بە هێمن موکریانی، یا هەژار بە هەژار موکریانی، لە دید و بۆچونێکی تەسکی ناوچەگەرییەوە سەرچاوە دەگرێت کە ئێمەی دووچاری ئەو بێ ولاتی کردووە.

منی سەعی بێم کتێبێکی شاعیر لە ژێر ناوی خزمەتکردن بە هونەر و ئەدەبیات و کوردی بە ناوی (سەید محەمەد امینی شێخ لیسلامی) – کەسێکی دیکە بەناوی (همێن لاچینی) – کەسێکی دیکە بەناوی

(هێمن بورهانی) - کتێبفرۆشی هەرزان بە ناوی هێمن موکریانی و کەسێکی دیکە بەناوی ( هێمن چۆڕی)یەوە چاپ کەین. لەم لافاوە چاپەدا، نەک چۆڕێک بە نسیبی شاعیر نابێت، بەڵکو لەو لافاوەدا لە ناو دەچێت.

**بۆ ئاگاداری**، دەمێ ساڵە دەوڵەتی ئێران پیلانێکی بەدەستەوەیە کە ئاڵوگۆڕێک لە نەخشەی سیاسی ئێراندا ئەنجام بدات و ناوی کوردستان لە نەخشی ئێراندا لاببات و ناوچەیەک بەناوی فەرمانداری سەنەندج و ناوچەیەک بەناوی موکریان دانێت. ڕێگا بەخۆم نادەم بڵێم ئەو کەسانەی کە ناوی هێمن و هەژار ئەکەن بە هێمن موکریان و هەژار موکریانی ئاگایان لەو پیلانە هەیە و کارەکەیان خزمەت بەو پیلانە ئەکات.

**بەڵام** وا باشە هەموومان هەست بەبەرپرسیاری بکەین. ئەگەر نووسەرێک، شاعیرێک، گورانیبێژێک ناوی موکریان یا هەر ناوچەیەکی پێجوان و باشە، بیکات بە نازناوی خۆی، بەرهەمەکانی بەو نازناوەوە بلاو کاتەوە و دەسەکاری نازناوی کەسیش نەکات.

**باشترین یادکردن** لە هێمن ئەوەیە بە نامەیکی رەسمی لە چاپەمەنی و ماسمێدیای کوردیدا دان بەو کارە زیانبەخشەدا بنرێت و دوا بکرێت کەس ناوی هێمن موکریانی و هەژار موکریانی بەکار نەباد و سەبارەت بە چاپکردنی ئەو دیوانەیش بەناوی هێمن موکریانی، هەڵوێست بگیرێت، تا دەوڵەتی ئێران لە داهاتوودا بۆ پیلانەکەی خۆی بەهرەی.

**جێگەی داخە ئەو کەسانەی لە کۆڕەکەدا سەبارەت بە هێمن وتاریان خوێندەوە. لە گەڵ ئەوەدا ئەو دیوانەی کە بەناوی ( هێمن موکریانی) چاپکرابوو. لەسەر ئەو مێزەی کە وتاریان دەخوێندەوە دانرا بوو. بۆ خوێندنەوەی شێعرەکانی (هێمن)یش بەهرەیان لێوەر دەگرت. هیچیان درکیان بەو تاوانە مەزنە کە سەبارەت بە کاری چاپەمەنی ئەنجامدرا بوو. نەکرد و هەموویان بەسەریا دەرباز بوون.**

سەعی سەقزی 28 - 4 - 2006